

# مۆدەی جلوبەرگی نوێ بۆ خانمانی فەرمانبەر

ئامادەکارانی جلوبەرگ و ستایلە گۆڕاوەکان، بیرۆکەی جوانیان هەیە، کاتێك بیر لە گشت ئاست و مۆدەیەکی جلوبەرگی خانمان دەکەنەوە، یەکێك لەم مۆدانەی شیاوی جوانی و سەرەنجراکێش بوونە، مۆدەی خانمانی فەرمانبەر یان ئەوانەی بە کارێك خەریکن و دەوام دەکەن، مۆدەکەش بریتییە لە دەستە جلێکی تایبەت و جوان بۆ ئەو خانمانە، بۆ ئەوەی لە کاتی دەوام بە شێوەیەکی ئاسان جووڵە بکەن. مۆدەکانیش زیاتر پێکهاتووە لە: تەنوورە و چاکێت، شێوەی تەنوورەکە تا سەر چۆکە، لەگەڵ چاکێتی کورت، قوماشی ئەو دەستە جلە تەنکە و بۆ وەرزی گەرما تەرخان کراوە، هەروەها بیر لەوەش کراوەتەوە دەبێ ئەو جۆرە قوماشە یان ئەو جلە هەڵبژێردرێت بۆ خانمانی لەسەر کار و دەوام، دەبێ دژی ئارەقە رشتن و گەرم بوون بێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو خانمانە جووڵە و هاتوچۆ دەکەن.

## پشتێنەکەت جوانییەکی ناسک دەدات بە جەستەت




لەگەڵ هاتنەوەی وەرزی گەرما و هاوین، مۆدەی پشتێنە جوانەکانیش جوانی و ناسکی خۆی دەرخست، بە شێوەیەك دەتوانێت لەگەڵ جوانی وەرزی هاوین بگونجێت، ئەمەش لە ڕێگەی پۆشینی لەگەڵ چەندین جلی دیکە، چونکە پشتێن جوانی ناوقەدی کچ و خانمان دەردەخات و جوانییەکی ناسکیش بە جەستە دەدات.

مۆدەکانی پشتێن هەر یەکە شێوازێکی جوانی هەیە، بەڵام بۆ مۆدەی ئەمساڵ مۆدەی پشتێنی هێل باریکی ناوەند، لەگەڵ بوونی چەند نەخشێکی ناسك لە ناوەڕاستی پشتێنەکە، یان شێوەی سادە ئەمەش کاتێك لەگەڵ ئەو جلانە دەپۆشرێت، ئەوانەی لە ڕەنگی ڕەنگە تۆخەکان پۆشراوە. ئەوەی دەیبینن چەندین مۆدەی پشتێنە ناسکەکانی مۆدەی دیۆرە، ئەو مۆدەیە بە جوانترین مۆدەی جیهان دادەنرێت.



## ڕەنگە هێمنەکان بۆ

گرنگی دان بە جوانی دیکۆری ماڵ، یەکێکە لەو هەنگاوە سەرەکییانەی دەبێت خانمان گرنگی پێبدەن و شێوازێکی جوانتری بۆ ئامادە بکەن کاتێك هەست دەکەن مۆدەی پێشوو پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، یەکێك لە گرنگییەکانی دیکۆری ماڵەکان، ئەویش بوونی ڕەنگ و ڕووناکی دیکۆرە، بە جۆرێك دەبێت ڕەنگی دیکۆر هاندەرێك



گوڵان
ژمارە (٧٣٣)
٢٠٠٩/٥/١٨



# قۆماشە تەنکەکان لە مۆدەی جینزدا

لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما مانای ئەوە نییە ئیتر مۆدەی جینز نامێنێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی گەرمە و لەگەڵ وەرزی گەرما ناگونجێت، کەچی جینز بە یەکێك لە مۆدە جوانەکانی جلوبەرگ دادەنرێت و لە هەر وەرزێك تایبەتمەندی و جوانی خۆی هەیە، ئەم مۆدە جلوبەرگانە ئامادەکراوە بۆ وەرزی هاوین، بە جۆرێك قوماشەکەی تەنکە و دژی گەرما دەوەستێت.

ئەم دەستە مۆدەیەی جینز پێکهاتووە لە: کراسی سەرشان — کاوبۆی جینز — تەنوورەی تا سەر سینگ — کراسی تایبەت لە جینز.


ئەم مۆدانە دەتوانێت گرنگییەکی تەواو بە جەستەی خانمان بدات و شێوازێکی جوانیش دروست بکات بۆ جەستە.

## یەکێک لە تەسریحە جوانەکانی ساڵی (٢٠٠٩)









شێوازەکانی ئامادەکردنی تەسریحەکانی قژ، دەبێت لە ماوەی زوو گۆڕانکاری بەسەردا بێت و شێوازی تازەی پێوە دەربکەوێت، بۆیە رۆژانە چەندین مۆدەی تایبەت و جوان دەردەکەوێت بەشێوەیەك دەبێتە جێگەی سەرەنجراکێشانی خانمان و ئامادەکارانی قژیش، مۆدەی تازەی تەسریحە دەخەنە بەردەستی خانمان لە گشت جۆرە مۆدەکان. یەکێك لەو مۆدە ناسکانە بریتییە لە مۆدەی تەسریحەی لوولەی دواوە، بۆیە بەم ناوە ناونراوە، چونکە شێوازی دواوەی لوولەیی ئامادەدەکرێت و جوانییەکی ناسکی دەبێت. لوولەکانیش بە تەسریحەی تەلی گەورە و خاو ئامادە دەکرێت، بۆ ئەوەی لە دوورەوە دەربکەوێت. لەگەڵ دانانی شێوەی پێشەوە بە شێوەیەکی سەرحی توندکراو.



## جوانی دیکۆری ژوور

بێت بۆ زیاتر رازانەوە و جوانکردنی دیکۆرەکان. دانانی دیکۆر لە رەنگی سپی، یان رووناکی کراوەی رەنگی سپی، دەبێتە رەنگدانەوەیەکی قەشەنگ بۆ دیکۆری ماڵ، لەگەڵ ئەوەی کەشێکی هێمن و ناسك دروست دەکات، یاخود دەکرێت رەنگی کەرەستەکان لە رەنگی سپی نەخشێنرابێت ئەمەش رێگەیەکی دیکەی جوانکردنی دیکۆری ماڵەکانە.







## ماریش ناتوانێت خۆی وا بچەمێنێتەوە!

ئەوانەی خاوەن جەستەیەکی نەرم و بە جووڵەن دەتوانن چەندین جووڵە و کاری سەیر ئەنجام بدەن، بەمەش دەتوانن لە ڕێگەی ئەو لایەنە چەندین کاری سەیر ئەنجام بدەن، وەك ئەو خانمەی جەستەی ئەوەندە نەرمە، وەکو ئەوەی هەویرێك بشێلێت و بە ئارەزووی خۆت شێوەی لێوە دروست بکەیت، شێوەی ئێستای ئەم خانمە لە شێوەی مارە، وەك مارێکی ڕاستەقینە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکرێت مرۆڤ بێت.

لە شوێنێکی چۆڵەوانی وەك شێوەی بیابان، خانمە خاوەن جموجۆڵی ئوسترالی (ئانا) توانی شێوەی جەستەی وەك مارێکی بیابان دەربکەوێنێت، ئەوەی سەیر بێت ئەگەر لە دوورەوە سەیری بکەیت، هەرگیز باوەڕ ناکەیت ئەوە کچێك بێت، بەڵکو وادەزانیت مارە و خۆی چەماندۆتەوە!

## کچێکی (١٠) ساڵ شوو دەکات



دواکەوتووی چەند وڵاتێکی بەناو پێشکەوتوو لە جیهان، بەردەوامن لەو نەریتە سەیر و هەڵانەی لە پێشوودا بۆیان ماوەتەوە و، تاوەکو ئێستاش بەردەوامن، یەکێك لەو نەریەتە سەیرەکانی لە وڵاتانی عەرەبی لە سەردەمی پێشوودا هەبووە، بریتی بوو لە بەشوودانی کچانی تەمەن بچووك، ئەمەش وەك ئەوەی کاری خێر زوو ئەنجام بدرێت.

(ئامینە) ئەو قوتابییەی لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەخوێنێت و لە ماوەی (٢) مانگی داهاتوو شوو دەکات بە کوڕێکی تەمەن (٢٦) ساڵ، وەکو کچەکە دەڵێت : باوکم پێیگوتومە شوو بکەم، چونکە مێردەکەت گشت شتێکت بۆ دەکرێت ئەوەی بتەوێت بۆت دەکات، منیش قسەی باوکم ناشکێنم!



## دەمانچە

کەرەستە جوانەکان هەردەم جێگەی سەمەرە و سەرەنجڕاکێشانی گشت کەسێکە، ئەوانەی دەبیبینن وێنەی کۆمەڵە چەکێکی سەیرە لە شێوەی سەرەکییەکەی خۆی لادراوە و، لە شێوەی دیکە دروست کراوە، کۆمپانیایەکی

# ئەمە ئۆتۆمبێلە یان باخچە!



کاتێك کەرەستە سەیرەکان دەبینین، لەوە سەرسام دەبین چۆن ئەم بیرۆکە سەیرانە جێبەجێ دەکەن لەوەی کارێکی لەم جۆرەی لێوە دروست بکرێت، یەکێك لەو کەرەستانەی وەك کاری سەیر تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێت بریتییە لە، ئۆتۆمبێل بە گشت جۆرەکان، ئەوەی دەیبینن ئۆتۆمبێلێکی سادەیە و کەچی جیاوازییەکەی گەورەی تیایدا بەدی دەکرێت لەگەڵ ئۆتۆمبێلی ئاسایی. ئەگەر لەم ئۆتۆمبێلە سەربکەوی، واهەست دەکەیت لە باخچەیەکی خۆش دانیشتووی و لەگەڵ ئەوەشدا جووڵە دەکەیت، چونکە دیکۆری ئۆتۆمبێلەکە لە شێوەی باخچەیەکی تەواو، بە سەوزایی و داروبار دروست کراوە، ئەمەش لە ویلایەتی سان فرانسیسکۆ لە وڵاتی ئەمەریکا.







## سەیرەکان

تایبەت بە دروست کردنی چەکی بچووك وەك (دەمانچە)، لە دوا بەرهەمی توانی سەیرترین جۆرە دەمانچە دروست بکات.
سەیری ئەو دەمانچانە لەوەدایە، هەندێکیان لوولەکانی زیاترە لە لوولەیەك، ئەمەش جیاوازە لە دەمانچەی ئاسایی، واتە دەتوانێت لە یەك چرکەدا (٣) گوللە بهاوێژێت نەوەك یەك ! ئەمە جگە لە شێوەی سەیرەکانی ئەو جۆرە دەمانچانە، هەر یەکەش نرخی لە ملیۆنێك دۆلار دەدات.

# مرۆڤ دەبێتە مریشک و کەڵەشێر

ئەوانەی هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی شێوەیەکی سەیر، یان دیمەنێکی جوان و شایستە دروست بکەن، لە رێگەی بیرۆکە و هەنگاوەکان دەتوانن بە دەستی بهێنن، وەك ئەوەی لاسایی و مۆدەی شتی دیکە هەڵبگرن و دووبارە کاری



بۆ بکەن، ئەو گەنجە سەر شێتەی دەیبینن توانیویەتی رای گشتی لای مریشك و کەڵەشێر بگۆرێت، لەوەی مرۆڤ وەك خۆیان ببینن. ئەمەش کاتێك هەڵساوە بۆ پۆشینی بەرگێکی سپی و، دانانی ئەو پەلەمووچەی لە سەرەوەی مریشك و کەڵەشێر هەیە، وەك لە وێنەکەدا دەبینن کۆمەڵێك مریشك و کەڵەشێر لە دەوراوپشتی کۆبوونەتەوە و واهەست دەکەن وەك خۆیانە!

# بچووکترین
## بە باڵا بچووک و



مرۆڤە بچووکەکان لەگەڵ ئەوەی باڵایان بەرز نییە، کەچی لەلایەنێکی دیکەوە ئەم کورتییەیان بۆ ماوەتەوە و دەتوانن سوودی لێوە وەربگرن، وەك ئەوەی چەندین کەسایەتی لەم جۆرە دەبینن، خاوەن بەهرەیەکی سەیر و بەهێزن، یەکێك لەم کەسانە نموونەی ئەو پیاوەی لە وڵاتی هیندستان دەژییێت و درێژی باڵای کورتە، کەچی ئێستا کاری دەرهێنانی سینەمایی فیلم دەکات. (شاهیندان شاهی ) ئەم دەرهێنەرە بچووکەیە، کاتێك لەلای کامێراکەی دەوەستێت ئەوەندەی کامێراکە دەبێت و کەچی بە زانستێکی بەرز کاری دەرهێنان دەکات، درێژی باڵای تەنیا (٦٧) سەنتیمەتر دەبێت و دەرهێنەرێکی بەهێزی ئەو وڵاتەیە.

# تەسریحەکانی قژ و گیانداران








تەسریحە سەیرەکانی قژ هەر جارێك بە شێوەیەکی تازە و سەیرتر لە پێشوو دەردەکەوێت، ئەمەش وەك مۆدەیەکی تازە و جوان ئامادەدەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە جێگەی سەرەنجراکێشان و بەدەست هێنانی نازناو، ئەوەی دەیبینن کۆمەڵە مۆدەیەکی تەسریحە و بڕینی قژە بۆ پیاوان، وەك دەبینن شێوەیەکی سەیر و جوانی هەیە. ئەم مۆدەیە لە ولایەتی کالیفۆرنیا دەرکەوتووە، سەرەتای مۆدەکەش وەك لاسایی کردنەوەی قژی گیانداران ئامادەکراوە، لە ماوەیەکی نزیکدا نمایشێکی تایبەت بۆ ئەو جۆرە قژانە دەکرێتەوە، بە سەیرترین مۆدەکانی قژ دادەنرێت.

# گوێدرێژ یاری باسکە دەکات






یارییەکانی وەرزش بەرەو کاری سەیر و سەمەرە ڕێگەی گرتووە و شێوەیەکی دیکە لە خۆ دەگرێت، ئەمەش وەك ئەوەی شتێکی تازە دەربکەوێنرێت، لە شێوازە کۆنەکەی دوور بکەوێتەوە، ئەوەی دەبینن یاری باسکەیە، بەڵام بە شێوازێکی دیکە، ئەم یاریە تازەیە دەبێتە سەیرترین یاریە وەرزشییەکان، چونکە لەم یارییە گوێدرێژیان بەکارهێناوە بۆ یاری باسکە. لە هەندێك لە ویلایەتەکانی ئەمەریکا ئەم یارییە بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش کاتێك گوێدرێژ دەهێنن و یاریزانەکانیش لەسەر پشتی گوێدرێژەکان دەبین و یاری باسکە دەکەن، بەمەش دیمەنێکی سەیر و جوان دەردەچێت بۆ خۆشی.



## دەرهێنەری
### بە عەقڵ گەورە



## ئەم دوو رووخسارە هەر یەک کەسن!






زۆر جار دیمەنە راستەقینەکان دەگۆڕێت و بەرەو شێوەیەکی دیکە رێگە دەگرێت، هێزی ئاو و هەوا یەکێکە لەو هۆکارانەی دەتوانێت شێوازی رووخساری مرۆڤ بگۆڕێت، ئەوەی دەبینن وێنەی یاریزانی مەلەوانی جیهانی (دایانا)یە و لە چەندین پێشبڕکێکان خەڵاتی گەورە وەردەگرێت، ئەوەی سەیر بێت وێنەیەکی ئەو یاریزانە وەرگیراوە لە کاتی کەوتنی بەناو ئاودا، شێوەی رووخساری تەواو گۆڕاوە و، وەك ئەوەی ئەو خانمە نەبێت. ئەو وێنەیەی رووخسارە سەیرەکە، بە کامێرای تایبەت ناو ئاو وەرگیراوە، وەك سەیرترین وێنە دادەنرێت، هەروەها وەکو یاریزانەکە خۆی دەڵێت: باوەڕ ناکەم ئەمە رووخساری من بێت، چونکە زۆر جیاوازی کردووم لە شێوەی خۆم !

## نەخۆشییەک دەبێتە هۆی بڕینی لووت





وێنەی یەکەم خانمێکی جوان و قەشەنگە، ئەم جوانییە بەهۆی نەخۆشییەك بەرەو نەمان و زیاتریش ناشیاو بوون رێگەی گرتووە، ئەمەش وەك نەخۆشییەکی کوشندەی پێست و چارەسەری نییە، تەنیا بڕینی گۆشت و پێستەکە چارەسەری ئەگینا دەبێتە هۆکاری شێواندن و مردنی پێست. ئەم خانمە ناوی (لیزابیت)ە و تەمەنی (٣٠) ساڵە، وەکو دەبینن وێنەکان بە زنجیرە وەرگیراوە و سەرەتا تەنیا بووە هۆی شێواندنی پێست، بەڵام دواتر نەخۆشیەکە زیاتری کرد، بۆیە ناچار بوون لووتی ببڕن، ئەمەش بەهۆی گەشەسەندنی نەخۆشی سەرەتانی پێست لە لووتی ئەو ئافرەتە.





## منداڵی قژ کەڵەشێر

یەکێــك لە دیمەنە ســەیرەکان، وێنەی ئەو منداڵە ســەیرە گیراوە، ســەیری منداڵەکەش لە شێوەی قژیەتی، قژێکی ســەیر و لە ڕەنگێکی سوور ئامادەکراوە و لەشــێوەی بۆپتەی کەڵەشێر دەچێت ئەم شــێوازی ڕێکخستنی قژەش بەبێ ئەوەی بۆنەیەك هەبێت تاوەکو منداڵەکە لێــوەی بەشــدار بێت، ئــەم وێنەیە لە وڵاتی ســکۆتلەندا گیراوە، کاتێك لە دایکی منداڵەکە دەپرســن، ئەو قژە بۆ بەم شێوەیە؟!

ئەویــش دەڵێــت: منداڵەکــەم حەزی پێدەکات و داوا دەکات!

## ئۆتۆمبێلی(٨) تایە بەبێ بەنزین دەڕوات

لــە تازەتریــن بەرهەمەکانــی ئۆتۆمبێلی کارپێکەر بە وزەی کارەبا، لەلایەن کۆمپانیایەکی ژاپۆنی دروســتکرا، توانای ئەو ئۆتۆمبێلە زۆرە و دەتوانێت هێزی (٢٤٠) ئەسپ بدات، ئەمەش هەنگاوێکی تازەیــە لە ئۆتۆمبێلە کارەباییەکان، لەگەڵ ئەوەی شێوەیەکی دیکەی سەیرتر لەخۆ دەگرێت، چونکە جیاوازی هەیە لەگەڵ گشــت جــۆرە ئۆتۆمبێلێــك، ئەمەش بەهــۆی بوونی چوار تایە لە پێشــەوە و دواوەی، بەمەش دەبێتە ئۆتۆمبێلێك بە (٨) تایە!





## فەیلەسووفی سلۆڤاکیا

لە فەیلەســوفێکی وڵاتی سلۆڤاکیان پرسی، ئافرەت پێویستی بە چی هەیە بۆ ئەوەی بە جوانــی بژیێت و ژیانی خۆش بێت..

ئەویش گوتی: بــۆ (٢) ڕۆژی دیکە وەڵامتان دەدەمەوە..

بۆ دوو ڕۆژی دواتر فەیلەسووف هاتەوە و گوتی: ئافرەت پێویســتی بە سێ کەس یان کەسێك سێ لایەنی هەبێت تاوەکو ئەو کارانە بۆ ئافرەتەکەی بکات..

١- قەرزی هەڵە و سەرفکردنی پارەکانی بداتەوە.

٢- کەسـێك خۆشــی بووێــت و خۆی قوربان بکات.


٣- کەسێك لێیدات و ئاقڵی بکات.

## بۆ ئاســــوودەیت

☺ یەکێــك زۆر گێل بــوو، ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکــی دەبێت و زۆر جار سەیری ئەو خزمەتکارە بەنگلادیشانەی دەکرد و دەیگوت: خۆزگە بمزانیایە ئەو بەنگلادیشیانە خەڵکی کوێن!

☺ کەسێك تازە فێری لێخوڕینی ئوتۆمبێل بوو، لەگەڵ ئەوەش تازە ئوتۆمبێلێکی کڕی، دوای ئەوەی لە گشــت شتەکانی ئوتۆمبێل شارەزا بوو، تەنیا لە (برێك) شــارەزا نەبوو، ڕۆژێکیان لە ڕۆیشتنی خێرا گوتی بزانم ئەو شتە ئیشی چییە! کاتێك برێکەکەی ڕاکێشــا و (٢) تەقڵــەی بە ئوتۆمبێلەکەی لێدا..

کەســەکە گەڕایەوە لای ئەو کەســەی ئوتۆمبێلەکەی لێوە کڕی بوو و پێیگوت: کاکە بۆ نەتگوت ئەوە بۆ تەقڵە لێدانە!



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئــەم هەفتەیــە هەفتــەی خۆشەویســتییە بۆ تۆ، دیدارێکی ڕۆمانســی کە وەك خەون ســەیرت دەکرد دەبێتــە ڕاســتی و دێتە دی،ئەمــەش دەبێتە هۆی لەبیرچوونــەوەی خەمەکانت و دەســت پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە ژیانت.ئاگاداری باری داراییت بە و بیر لەداهاتوو بکەوە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پەیوەندیت لەگــەڵ هاوڕێیەکی زۆر نزیك دا گرژی بەخۆیــەوە دەبینێــت بەهۆی لیکتێنەگەیشــتنێکی بچووك لەنێوانتان،هەوڵ بدە ئارام بگریت تا چارەسەر دەبێت. پابەندی بەڵێنەکانت بە بۆ ئەوەی متمانەی خەڵك لەدەســت نەدەی،کەسێکی نوێ دەناسیت و چەند نهێنیەکت بۆ ئاشکرا دەبێت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەوەندە پرسیاری تایبەتی لە هاوڕێکانت مەکە ئەمە هیچ ســوودی بۆت نییە و لەوانەیە زیانیشــی بۆت هەبێت. یەکێك لەلایەنە جوانەکانی کەســانی خاوەنی ئەم بورجە ئەوەیە کە ســادە و ســاکارن و دوورن لە لەخۆبایی بوون، بەردەوام بوون لەسەر ئەمە سەرکەوتنی زۆری بەدواوە دێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کەمێك لە کاتی خۆت تەرخان بکە بۆ پێداچوونەوە بە لایەنی سۆزداریت،فێڵ لە هەستی خۆت مەکە ئەگەر کەسێکت خۆشدەوێت ڕاشــکاوانە پێی بڵێ. کاتێکی خۆش لەگەڵ کەســە نزیکەکانت بەســەر دەبەی بەهۆی بۆنەیەکی تایبەتەوە.وا بکە قسەی خەڵك کارت تێنەکات.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢


بە باشــی بیــر لە ئاینــدەت بکەوە و ئــەو پرۆژانە دوامەخــە کە دڵنیای لەبەرژەوەنــدی تۆ دان.لەگەڵ خۆشەویســتەکەت بەرنامە بۆ ژیانی داهاتوو دابڕێژە و لەوردەکارییــە بچووکەکانەوە دەســت پێ بکە. خۆت یان یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت بڕە پارەیەکی زۆری دەست دەکەوێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

چەنــد کاتێکی خۆش بەســەر دەبــەی لەگەڵ ئەو کەســەی خۆشت دەوێت بەجۆرێك دەبێتە یادگاریەکی زۆر خــۆش و لەیادی ناکــەی. هەندێ جار دەتەوێ بە زۆر قســەی خۆت بەسەر قسەی خەڵك بسەپێنی پێویستە واز لەم هەڵسوکەوتە بهێنیت بۆ ئەوەی دواتر پەشیمان نەبیتەوە.

ئا/ هێمن قەسرەیی



### ئاسۆیی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە- ڕووبارێکە.
٢- دوو پیتی یەن- پایەتەختی وڵاتێکی ئاسیایە- ژمارەیەکە.
٣- ون(پ) چیایەکی کوردستانە(پ)- عین(ت).
٤- میوەیەکە(پ)- پایەتەختی وڵاتێکی ئەمریکایە(پ)- بیرەوەری
٥- دوو پیتی ئاری- وەکویەك- قاچ.
٦- میوەیەکە- میوەیەکە.
٧- یانەیەکی کوردستانە- یانەیەکی عێراقە.
٨- پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپایە- زگ- هەند(پ).
٩- وەکو یەکە- نیوەی یوسف- ڕووبار(پ).
١٠- وڵاتێکی ئاسیایە- دووپیتی ڤایرۆس- پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپایە.
١١- شاعیرێکی کوردە(پ)- ژمارەیەکە(پ)- چیایەکی کوردستانە(پ).
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردە.

### ستوونی:

١- خانمی یەکەمی عێراق.
٢- شالیار- وڵاتێکی ئەوروپایە.
٣- دوو پیتی بەس- چرا- ناوێکی کورانە(پ).
٤- هەوا(پ)- چیایەکی کوردستانە- وەکویەك.
٥- ئاژانسی بۆشایی ئەمریکی- لاواز(پ).
٦- چوار پیتی فەرمان- ڕووبارێکە لە بەریتانیا.
٧- پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپایە- زمانی دایك.
٨- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە- کەل ویەل(پ).
٩- خواردنی ئاژەڵ(پ)- یانەیەکی عێراقە(پ)- دوو پیتی نای.
١٠- وەکویەك- ژێر(ت)- سێ پیتی بەلەد.
١١- گیانلەبەرێکە(پ)- جۆرە گۆرانییەکی تورکمانییە(پ).
١٢- ئەندامی ئەنجوومەنی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان.

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخـــاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (چی بە منداڵی بچووك دەڵێن)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (سابوون بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٧+٨) کۆبکەیتەوە بە مانای (بۆ بە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەکانی (١+٨+٤+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئامێرێکە لە زستان بەکاردەهێنرێت بۆ گەرم بوونەوە)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (مۆنالیزا) بوو



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەماوەی ڕابردوودا هەستت بە ماندوبوون دەکرد بەهۆی سەرقاڵیت بە چەند کارێکەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پشوویەك بدەیت ئەویش بە سەفەر کردن و گەشت کردن بۆ ئەوەی هەندێك بحەسێیتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم هەفتەیە هەست بە دڵخۆشیەکی زۆر دەکەی.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئێستا توانای زۆرت هەیە بۆ ئەنجام دانی ئەو کارانەی دەمێکە بیری لێ دەکەیەوە و دەتوانی ئەوەی ئەتەوێت بەدەستی بهێنی.بەشداری لە چەند بۆنەیەکی جیاجیا دەکەی و چەند کەسێکی نوێ دەناسیت.ڕاستگۆبە لەو بەڵێنانەی بە خۆشەویستەکەت دەدەیت و درۆی لەگەڵ مەکە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەم ماوەیە ئەستێرەی بەختت ڕوو لەگەشانەوە دەکات و زۆربەی خەونەکانت دێنەدی،دەبیتە مایەی سەرنجراکێشانی خەڵك و بە جۆرێکی دیکە سەیرت دەکەن.لەم کاتەدا پێویستە بە جوانی بیر لە ئەنجام دانی ئەو کارانە بکەیەوە کە بوونەتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو کاتە خۆشانەی تۆ.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێویستیت بەیارمەتی کەسێکی نزیکت هەیە بۆ ڕزگاربوون لەو کێشەیەی کە ئێستا تێیدای،ئەم ماوەیە پەیوەندیەکانت بەرەو پێشچوونی زیاتر بەخۆیانەوە دەبینن و دەبیتە جێی سەرنجی هەموو لایەك بەمەش چەند دەستکەوتێك بەدەست دێنیت و گۆڕانکاریت بەسەر ژیانت دێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

چەند سەردانێك بۆ لای کەسە نزیکەکانت ئەنجام دەدەی کە دەبێتە جێگای خۆشحاڵی ئەو کەسانە،ڕۆژژمێری ئەم هەفتەیەت پڕە لە سەردانی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانت.دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ دروستبوونی پەیوەندیەکی ڕۆمانسی،لەوانەیە سەربگرێت و کەسێك دڵت داگیر بکات.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەرگیز بێ وەفا مەبە بەرامبەر ئەوانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان هاوڕێت بوون،ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەخۆت دا بچیتەوە و بە جۆرێکی تر سەیری دنیا بکەی ئەگەرنا زۆربەی هاوڕێکانت لەدەست دەدەی،ئەگەر خۆشەویستت نییە لەوانەیە لەماوەیەکی نزیکدا کەسێك ببێتە خۆشەویستت.

hemntoni@yahoo.com